ئۆردوگای ئەڵتاش لە ژومادی

کاوەئەمین

یەکێک لە نەهامەتیەکانی شەڕی ئێران و عێراق، وێڕای کوشتنی یەک ملیون مرۆڤ و کاول وێرانکردنی ئەو دوو وڵاتە و کوردستان، سەدان هەزار مرۆڤ ناچارکران ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ بهێڵن و ڕوبکەنە وڵاتانی تر. لەناو ئەو ئاوارانەدا چەندین هەزار کوردی ناوچەکانی کرماشان و سەرپێلی زەهاو و ناوچەکانی دەوروبەریان بوون کە پاش چەرمەسەریەکی زۆر لە ئوردوگای "ئەڵتاش" لە ڕومادی نیشتەجێ کران. ئەو هەزاران خەڵکە بەشێکیان بەناچاری گەراونەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشێکیان لەلایەن ڕێکخراوی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتی سێهەم لە ئەوروپا یانیش لەو وڵاتانەی کە پەناهندە قبوڵ دەکەن مافی مانەوەیان بۆ دابین کراوە، نەرویج و سوێد لەو وڵاتانەن کە بەشێکی ئەو پەنابەرانەیان هێناوەتە ئەو دوو وڵاتە.

ئەو بەشەی تریان کە هیچ دەرەتانێکیان نەبووە جگە لەمانەوە ئەوە بۆ زیاتر لە ۲۰ بیست ساڵ دەچێت لە ئۆردوگای ئەڵتاش ماونەتەوە و تا ئێستاش چارەنووسیان نادیارە. ئێستاش بەشێک لەو پەنابەرانە دوای هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و لابردنی ڕژێمی سەددام ملی ڕێیان گرتۆتە بەر بەرەو سنوری ئۆردون و عێراق، بە هیوای ئەوەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتیەکان هاوکاریان بکەن، بەڵام ئەو کوردانە کە ژمارەیان نزیکەی ۱۲۰۰ کەس دەبێت لەو بیابانەدا گیریان خواردووە و ژیانیان تادێت لە خەتەر دایە. بەگوێرەی پەیوەندیەکی تەلفونی کە ڕادیۆی "زایەڵە" بەشی کوردی ڕادیۆی نێونەتەوەی سوێد لەگەلی کردبوون و ڕۆژی چوار شەممە ۵/۱٤ بڵاوکرایەوە. ئەوانەی قسەیان لەگەڵ کرابوو باسی هەڵوێستی ناجوامێرانەی ئۆردون تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیان دەکرد کە لەو بیابانەدا دەستی دەستیان پێ دەکەن و تەنانەت مەترسی ئەوەیان هەیە کە ناچاریان بکەن بیانگێرنەوە بۆ ئێران. ئەو کوردە ئاوارانە داوایان لە هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و سەرجەم مرۆڤایەتی ئەوە بوو کە بەهانایانەوە بێن، بەتایبەتی ڕەوشی منداڵان و ژنەکان لەو پەری خراپیدایە و هەموو لە بارێکی دەرونی خراپ دا دەژین.

ئەو پەناهندە کوردانە هەقی ئەوەیان هەیە وەکو هەر مرۆڤێکی تر کە داوای ژیانێکی ئاسودە و خۆشگوزەران بکەن، لە ڕاستیدا دەبێت هەردوو حکومەتەکانی کوردستان هەرچی زوترە بەهانای ئەو خوشک و برا کوردانەیانەوە بێن و هاوکاریان بکەن و فشار بخەنە سەر ڕێکخراوی پەنەبەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان تا بەهانایانەوە بێن و لەو بیابانە ڕزگاریان بکەن. تا ئەوکاتەش پێویستە بەرپرسیارانی سیاسی باشووری کوردستان هاوکاری مرۆڤانە بنێرن بۆ ئەو ئاورانە و تاکێشەکەیان چارەسەر دەکرێت لە باشووری کوردستان جێگایەکیان بۆ دابین بکرێت بۆ حەوانەوە.

بۆ ئەوەی زیاتر خوێنەری بەرێز ئاگاداری ڕەوشی ئەو خەڵکەبن، بەچاکم زانی گفتووگۆیەک کە من لەگەڵ یەکێک لەو پەناهندە کوردانە کردوومە، جارێکی تر بخەمە بەر دیدی خوێنەران.

گفتووگۆکە لە مانگی ١١ ساڵی ١٩٩٨ دا ئامادەکراوە و هەر لەو ساڵەدا لە گۆڤاری (کۆنتراکت)دا بڵاوکراوەتەوە. گۆڤاری کۆنتراکت تەنها چوار ژمارەی لێ دەرچوو، ئێستا لە سەر تۆری ئینتەرنێت درێژە بە کارەکانی خۆی دەدات. www. kontrakt. net

گفتوگۆیەک لەگەڵ (ساڵح پالانی) کە دەیان ساڵی ژیانی خۆی لە ئۆردوگای (ئاڵتاش) بەسەر بردووە

ئامادەکردنی: کاوە ئەمین

مانگی ١١ / ١٩٩٨

ئۆردوگای ئەڵتاش (ڕومادی)، ئۆردوگایەکە کە حکومەتی عێراق دروستی کردووە بۆ ئەو پەناهندە کوردانەی ڕۆژهەڵات، کە بەناچاری ڕویان کردۆتە عێراق.ماوەیەکی زۆر بوو لێرە و لەوێ باسی ئەم ئۆردوگایە دەکرا، هەرکەسە و بەجۆرێک باسی ژیانی کوردەکانی ئەم ئۆردوگایەیان دەکرد.ماوەیەک لەمەوپێش بەڕێکەوت چاوم بەدوو لاوی کورد کەوت کە ماوەی ساڵێکە لەو ئۆردوگایەوە هاتونەتە وڵاتی سوێد. بۆ ئەوەی کەمێک زانیاریی لەسەر ئەو ئۆردوگایە وەربگرم، داوام لێ کردن کە چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ بکەم. بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە ئەوان لەشارێکی تر دەژیان، لەسەر ئەوە ڕێکەوتین کە پرسیارەکانیان بۆ بنێرم و ئەوانیش بە نامە وەڵامم بدەنەوە. ئەوەی کەئێستا دەیخوێننەوە سەرەنجامی ئەو وەڵام و پرسیارانەیە، کە هیوادارم کوردەکانی دەرەوەی وڵات لەژیانی چەندین هەزار کوردی ئاوارەی نیشتەجێی ڕومادی ئاگادار بکەم و بەگوێرەی توانا و پێویست هاریکاریان بکەن. ئەو خێزانەی کە وەڵامی پرسیارەکانیان دامەوە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و سەر بە هۆزی "پالانی"ن و بە بنەماڵەی (محەمەد پالانی) ناسراون. ماوەی ساڵێک وچەند مانگێکە هاتوونەتە سوێد.

کاک ساڵح پالانی وەڵامەکانی بۆ ناردمەوە.

پ (پرسیار): ئێوە خەڵکی کام شاری کوردستانن و چەند ساڵ لە ئۆردوگای ڕومادی نیشتەجێ بوون؟ هۆی چی بوو کە لە ڕومادیە گیرسانەوە؟ تەمەنتان چەند بوو کاتێک گوازرانەوە بۆ ئۆردوگاکە؟

و (وەڵام): ئێمە یەکێکین لەو خێزانە گەورانەی کە لە ئۆردوگای ئەڵتاش ژیاوین. ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەمان ١٠ کەسە و پاشناومان پالانیە. ئێمە خەڵکی (سەرپێلی زەهاو)ی سەر بەشاری گەورەی کوردستان (کرماشان)ین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.لەساڵی (١٩٧٩)دا، ژمارەیەکی زۆر کوردی ڕۆژهەڵات کۆچیان کرد بۆ عێراق. بەنسبەت ئێمەوە، کاتێک هاتین بۆ عێراق، لەشارێک بەناوی "چوار کلا"، کە دەکەوێتە نێوانی سنووری عێراق و کوردستانەوە، سێ ڕۆژێک ماینەوە. پاشان گواستراینەوە بۆ شارێک بەناوی "سەعدیە" لە نزیک شاری "خانەقین". پاش ٥٠ ڕۆژ، دیسان کۆچمان کرد بۆ شاری عەربەت کە ٤٠ دەقە بە ماشێن لە شاری سلێمانی خۆشەویستەوە دوورە. دووبارە پاش دوو ساڵ کۆچمان کرد بۆ ناوچەی ئەڵتاش، کە ١٥ کیلۆمەتر دوورە لە شاری ڕومادی نزیک وڵاتی سعودیەوە.

www.kurdistannet.org

نزیکەی هەزار کیلۆمەتر لە ئوردونەوە دوورە.ئیتر ئۆردوگای ئەڵتاش وەکو ئۆردوگای ڕومادی ناوی دەرکرد.

کاتێک ئێمە ماڵمان بردە ئۆردوگاکە تەمەنم سێ ساڵان بوو، بۆیە هەموو شتێکم لەبیر نایەت. باوکم یارمەتی دام بۆ وەڵامدانەوەی هەندێک لە پرسیارەکان.هۆی هەڵاتنی ئەو کوردانەش ئەوە بوو کە پاش هاتنە سەرکاری خومەینی، لەترسی گیانی خۆیان ئاوارە بوون چونکە هەموویان کوردپەروەر و نەتەوە پەروەر بوون. ئەوە بوو ڕژێمی ئێران کەوتە ڕاونان و تۆقاندن و تەنانەت زیندەبەچاڵکردنی کوردان. ئەگەرچی لەسەرەتادا خومەینی خۆی بە رادیۆ گوتبووی: "کوردیش موسڵمانن و پێویستە ئەوانیش مافی خۆیان پێ بدرێت"، کەچی پاش ٦ - ٧ مانگ لە بڕیارەکەی خۆی پەشیمان بووەوە و وتی: "هەرکەسێک کورد بکوژێ دەچێتە بەهەشت".ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو هەموو کوردە هەژارە کۆچیان کرد بۆ عێراق و لە ئۆردوگای ڕومادی گیرسانەوە.

پ: مێژووی دروست بوونی ئۆردوگاکە دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟ شێوەی دروستکردنی ئۆردوگاکە چۆن بوو، ئایا خێمە بوو یاخود لەشێوەی خانوو لە خشت و بەرد دروست کرا بوو؟
و: مێژووی دروستکردنی ئۆردوگاکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٨١ - ٨٢ و خەڵکەکەشی هەمووی بەیەک جار لەوێ کۆنەکرابوونەوە، بەڵکو بە چەند جارێک. هەر جارەی عەشیرەتێک دەهات. دانیشتوانەکەی سەر بە چەندین عەشیرەتی کورد بوون. لەسەرەتادا چادر هەبوو. ئەوانەی خۆیان چادریان هەبوو هەڵیاندا و ئەوانەشی نەیان بوو لەلایەن عێراقەوە پێیان درا.پاش نزیکەی ساڵ و نیوێک خەڵکەکە هەوڵیان دا بە قوڕ خانوو دروست بکەن.ئەو شوێنە دەشت و خۆڵەپەتانێ بوو، هیچ شتێکی تری وەکو هەرێز و دار لێ نەبوو. هەریەکە و بەگوێرەی توانا و پێویست لە قوڕ و خشتی قوڕ خانوویان دروست کرد .هەندێک کەرەسەی پێویستی وەکو دارمان لە شاری ڕومادی دەکڕی. پاشانیش کە خانووەکان تەواو بوون لەلایەن حکومەتی عێراقەوە تەلبەندکرا و تەنها یەک دەرگایان بۆ هێشتەوە، سەربازی عێراقی پاسەوانیان دەکرد. لە چەند ساڵی یەکەمدا خەڵکەکە بۆیان نەبوو لە ئۆردوگا بڕۆنە دەرەوە، بەڵام پاش چەند ساڵێک خەڵکەکە سیمەکەیان بڕی و هەموویان خراپ کرد و هیچی نەما.

پ: پێداویستییەکانی ژیان، بۆ نمونە، خواردن و ئاو چۆن پەیدا دەکران؟ دانیشتوانی ئۆردوگاکە، بەتایبەت پیرەکان و ژنان، چۆن کاتیان بەسەر دەبرد؟
و: لە ڕاستیدا مرۆڤ لە هەرجێگایەک بێت ئەتوانێت ژیان بەسەر ببات، هەڵبەتە بەشێوەی جۆراو جۆر. ئەوانەی پارەیان هەیە لەهەرکوێیەک بن دەتوانن باشترین ژیان بەسەر بەرن.ئۆردوگای ئەڵتاش وەکو قەفەسێک وابوو کەمرۆڤێکی تێدا زیندانی بکەیت و لەکاتی نانخواردندا نانێک و پەرداخێک ئاوی بدەیتێ. بەڵام لەلایەکی ترەوە ناخۆش نەبوو، بەتایبەت کە هەموومان خزم و کەسوکار و عەشرەتی یەکتر بووین. هەر لەبەر ئەوەش بوو مرۆڤ هەستی بە نامۆیی نەدەکرد. تەنها دووریی و غەریبیی نەتەوە نەبێت بۆ ئەو کەسەی نەتەوەپەروەر بووبێت.

پێداویستیەکانی ژیان، وەکو نان و ئاو وکارەبا و جلوبەرگ و هەندێک شتی تر، پێش شەڕی عێراق و ئەمریکا(مەبەست شەڕی کویتە) بەئاسانی دەست دەکەوتن. پێش شەڕەکە پارەی عێراقی بە قیمەت بوو، پاشانیش دەوڵەتی عێراق بەگوێرەی ژمارەی خێزانەکان پارەی ئەدا بە ئاوارەکان. خێزانەکان هەر دوو

مانگ جارێک ٢٤٠ دیناریان وەردەگرت و سەڵتەکانیش ٨٠ دینار.دیارە ئەو پارەیە بەشی هەموو شتێکی دەکرد.بەنسبەت ئاوەوە، لەسەرەتادا خەڵکەکە بە قابلەمە ئاوی دەکڕی، پاشان لەلایەن دەوڵەتەوە لەبەینی هەر دوو گەڕەکدا لولە ئاوێکیان راکێشا کە مەتر و نیوێک لەژێر زەویەوە بوو، بۆ هەموو خەڵکەکە. دواتر خەڵکەکە هەریەکەو لەلای خۆیەوە کونیان کردە بۆریەکان و ئاویان هەڵدەکێشا.هەڵبەتە هەمیشە کێشەی ئاو هەبووە و تا ئێستا بەشی پێداویستیەکانی خەڵکی ناو ئۆردوگاکە ناکات.بەنسبەت کارەباوە تا ئەو کاتەی شەڕەکە دەستی پێ نەکردبوو زۆر باش بوو، بەڵام دوای شەڕەکەبەتەواوی وێران بوو. وای لێهات لە شەو و رۆژێکدا تەنیا سێ کاتژمێر کارەبا هەبوو.لە تاوستاناندا پلەی گەرمیی دەگەیشتە ٤٠ پلەو خەڵک ناچار دەبوو کە سەهۆڵ بکڕێت.قاڵبێک سەهۆڵ لەم دویانەدا گەیشتە دوو تا سێ هەزار دینار، بەڕاستی ژیان گەلێک سەخت بوو.
پیرەکان تا رادەیک خۆشیان ڕادەبوارد. بازاڕێکی زۆر گەورە و خۆش هەبوو پێیان دەگوت (بایعەکە). ئێ خۆ بەلای منەوە لەبازاڕی کوردیش خۆشتر نیە لە دونیادا.بەتایبەت عەسران و پێش خۆرنشین و مەیدانی تەلا فرۆشەکە.ئەو پیرانەش کە حەزیان لەو بازاڕە نەبوایە لە پاڵ مزگەوتی ئۆردوگاکەوە کاتی خۆیان بەسەر دەبرد.ژنانی ئۆردوگاکەش بەخۆشی کاتیان بەسەر دەبرد، بگرە لە ئەوروپا خۆشتریش. لە هەر گەڕەکێک کۆمەڵ کۆمەڵ کۆدە بوونەوە و دەستیان دەکرد بە وتوویژ و کێچێکیان دەکرد بەگایەک.

پ: پێداویستیەکانی تەندروستیی وەکو پزیشک (دوکتۆر) و دەرمان، پاکوخاوێنی ئۆردوگاکە چۆن مەیسەر دەکرا؟ ئەو ژنانەی کە منداڵیان دەبوو کێ هاریکاری دەکردن؟ کەس هەبوو لەکاتی منداڵ بووندا گیانی لەدەست بدات؟
و: جێگاکە کەمێک بەرەو باشبوون چوو. دەوڵەتی عێراق چەند خانوویەکی دروست کرد بۆ دوکتۆر و دەرمانخانە و دایرەی موخابەرات و ئەمن و ئێستخبارات بۆ ئەو هەموو خەڵکە.جا ئەگەر یەکێک تەندروستی خراپ بوایە دەچوە لای ئەو دوکتۆرە و هەر لەوێش دەرمانی وەردەگرت. ئەگەر کەسێکیش زۆر خراپ بوایە لەلایەن ئەو دوکتۆرەوە پسولەیەکی بۆ دەکرا بۆ نەخۆشخانەی ڕومادی. لەوێ چارەسەری نەخۆشەکەیان دەکرد، ئەگەر چاری بکرایە.هەرکەسێکیش بچوایە دەبوو پارەیەکی چاک بدات بە دوکتۆر و حەرەس و باقی ئەو خەڵکەی کەچارەسەری نەخۆشەکەیان دەکرد.پاش چەند ساڵێک رێکخراوی خاچی سوور جێگای دوکتۆرەکەی بەتەواوی چاک کردو ئەمبولانس و هەندێک شتی تریشیان هێنا.کاتی سەردانی دوکتۆریش لە (٩)ی بەیانییەوە تا ٢ پاشنیوەڕۆ بوو.خەڵکەکە خۆیان سەرپەرشتی پاکوخاوێنی ئۆردوگاکەیان دەکرد.ئەو ژنانەی کە حامیلە بوون، زۆربەیان نەدەبرانە لای دوکتۆر، بەڵکو لەلایەن ئەو ژنە پیرانەی کە لەو کارەیان دەزانی هاریکاری دەکران. بۆ نموونە یەکێک لەو ژنانەی بەم کارانە را دەبوو دایکی دایکم بوو. لە کوردەواری خۆماندا بەم ژنانە دەڵێن "ناوکەبڕ".

لە دوای شەڕی عێراق و ئەمریکاوە، زۆر ژن لەکاتی منداڵ بووندا گیانیان لەدەست دا، یاخود بەهۆی کەمیی داوەدرمانەوە منداڵەکانیان دەمردن و توشی زۆر بەدبەختی دەبوون.دەرمان بەجارێک کەم بووبووەوە. هەندێک کەس لە ئۆردوگاکەدا دوکانی دەرمانفرۆشیان کردەوە و کاسپیان پێوە دەکرد. یەکێک لەو ژنانەی کەبەسەر منداڵ بوونەوە مرد خزمێکی خۆم بوو. منداڵەکەی ماوە و ئێستا تەمەنی ٤ یان ٥ ساڵ دەبێت.

پ : رادەی مردنی منداڵ لە ئۆردوگاکەدا چەند بوو؟ ئەوانەی دەمردن لەکوێ دەتان ناشتن؟
و: پێش هەمووشتێک دەمەوێت پێتان بڵێم کە منداڵ گەورەترین هیوای مرۆڤە. بەڕاستی ڕادەی مردنی

منداڵان له ئۆردوگاكه زۆر بوو. گەلێك هۆ هەبوون كه دەبوونه هۆی مردنی منداڵەكان: نەبوونی دەرمان، بوون بەژێرماشێنەوە و گەلێك هۆی تر.كاتێك منداڵەكان نەخۆش دەكەوتن پێویستیان به دەرمان هەبوو. ئەوە بوو خەڵكەكه فەقیر بوون و تونایان نەبوو، چونكه دەرمانەكان زۆر گران بوون و له كڕین نەدەهاتن.كاتێكیش منداڵێك دەمرد بەشێوەی ئیسلامی دەیان ناشت و دەیان بردە قەورسان.له ئۆردوگاكەدا چەندین قەبرسان هەبوون، پیاو، ژن، منداڵ هەركەس بمردایه لەو قەبرسانانەدا دەیان ناشتن.جارێك سێ منداڵ یاریان بەمینێك كردبوو، مینەكه تەقیبۆوەو هەرسێكیانی كوشتبوو، دوانیان برا بوون، ئەویتریشیان تاقانه بوو.هەر كەسێك كۆچی دوایی بكردایه تا سێ ڕۆژ پرسەیان بۆ دادەنا. پیاوەكان له مزگەوت و ژنانیش له چادرێكدا.

پ: پەیوەندی خەڵكەكه لەگەڵ یەكتری چۆن بوو، تا چ ڕادەیەك هاوكاریی یەكتریان دەكرد؟ هەستی نەتەوەیی و كوردپەروەریی چۆن بوو له ناویاندا؟
و: لەساڵەكانی ٨١ و ٨٢ ژمارەی دانیشتوانی ئۆردوگاكه دەگەیشته نزیكەی ٤٠ هەزار كەس.بەڵام له دوای ساڵی (١٩٩٠)وە ژمارەی دانیشتووانی ئۆردوگاكه بەرەو كەمبوونەوە دەچوو. چونكه ژیان تا دەهات بەرەو سەختی دەچوو،.خەڵكەكه زۆربەیان دەگەڕانەوە بۆ ڕۆژهەلاتی كوردستان و هەندێكیش بەرەو ولاتانی ڕۆژئاوا ئەوێیان جێ دەهێشت. لەساڵی (٩٧)دا ٢٧ هەزار كەس مابوو له ئۆردوگاكه.

دانیشتوانی ئۆردوگاكه لەخەڵكی سەر بەم عەشیرەتانه پێكهاتبوو (تایشەی، باواجانی، قوبادی، قەڵغانی، گاخۆری، قادری، نەیلكی، ئەلیاری، ئەلیاسی، نێرژی، هەورامی، داریزەنگەڵی، قەڵخانچەك، ولەبەگی و جوانرۆیی). ئەم عەشیرەتانه هەموو ژن و ژنخوازی كەوتۆته ناویانەوە و هەموو كات پەیوەندیان لەگەڵ یەكتر هەبوو. خەڵكەكه زۆر هاریكاری یەكتریان نەدەكرد. چونكه ژیانی خەڵكەكه بەسەختی دەچوو بەرێوە.زۆربەی خەڵكی كوردیش هاریكاری یەكتر ناكەن. جا گرنگ نیه كوردی كام بەشی كوردستان بێت، هیچ كاتێك حەز ناكەین هیچ كوردێك سەركەوتوو بێت.هەمانكات هیچ كەسێك نیه له دونیادا هەستی نەبێت بۆ نەتەوەكەی خۆی، مەگەر نەتەوە پەروەر نەبێت.خۆشترین جێگا ئەوەیه كه مرۆڤ بتوانێت له ولاتی خۆی له ناو نەتەوەی خۆیدا ژیان بەسەر بەرێت. هیچ شتێك ناگاته نەتەوە بۆ مرۆڤ، بەڵام بەداخەوە، ئێمه دەسەلاتمان نییه.بەڕاستی هەموو خەڵكی ئۆردوگاكه هەستی نەتەوەیی و كوردپەروەرییان هەبوو، بەڵام ژیانه سەختەكەی ئەو ئۆردوگایه هەموو شتێكی لەبیر خەڵكەكه بردبووەوە .خێزانەكان زۆر گەورەبوون، بۆ نمونه یەكێك لەو خانەوادانه ئێمه بووین كه ژمارەمان ١٠ كەس بوو.

پ: دەوری پارته كوردییەكان چۆن بوو؟ پەیوەندی خەڵكەكه لەگەڵ پارتەكاندا بەهێز بوو یان نا؟
و: بەڕاستی له ئۆردوگای ئەلتاش له هەموو جۆره خەڵكێكی تێدا بوو. پەیوەندی لەگەڵ هەموو پارته كوردییەكان هەبوو، بەڵام زۆربەی ئەو خەڵكه پەیوەندی به حیزبی دیموكراتی كوردستانەوە هەبوو. زۆریش بوو لەو خەڵكه پەیوەندی به موجاهیدینەوە دەكرد.له كاتی درووستكردنی ئۆردوگاكه، هەندێك خەڵك، كه پەیوەندییان به حزبی دیموكراتەوە هەبوو، جێگایەكیان درووست كرد بۆ گرتنی جەژنه كوردییەكانی وەكو (٢٥)ی گەلاوێژ، (٢٦)ی سەرماوەز، (٢)ی ڕێبەندان و نەورۆزی خۆشەویست و باقی جەژنەكانی تر.هەر كاتێك یەكێك لەم جەژنانه یاد بكرایەتەوە خەڵكەكه ئەوەی سەر به حیزبی دیموكرات بوایه به ژن و منداڵەوە بەشداریان دەكرد.له كاتی جەژنەكاندا جار جارێك دوكتۆر خەلەقی بەشداری دەكرد. جەژنەكەش بەگۆرانی وشانۆ و وتار و شیعر یاد دەكرایەوە.بەتایبەت جەژنی گەورەی كورد نەورۆز، گەورەترین جەژنی ناو ئۆردوگاكه بوو.بۆ نموونه، لەنەورۆزدا له هەموو ماڵێك ئاگر

دەکرایەوە و لە شەودا خەڵکەکە ئاگرەکەیان بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوە.بەڵام لەکاتی شەهید بوونی دوکتۆری گەورەمان ئەبدولڕەحمانی قاسملۆ لە هەموو خانەوادەیەک فاتیحاخوێنیی دانرا.کاتێک دەوڵەتی عێراق باشووری کوردستانی داگیر کردەوە هەموو خەڵکەکە نارەحەت و خەفەتبار بوون. کاتێکیش کوردستان ئازاد کرایەوە خۆشی کەوتەوە ناو خەڵکەکە.بە هێزترین پەیوەندی حزبی دیموکرات هەیبوو. کۆمەڵەش هەموو کاتێک جەژنی دەگرت بەڵام نازانم جەژنەکانیان لە چ کاتێک دابوون. بەڵام کۆمەڵەش پەیوەندی زۆر هەبوو لەناو ئۆردوگاکەدا.زۆربەی خەڵکی ئەو ئۆردوگایە، بەتایبەت لاوەکان، دەچوونە لای حزب و پێشمەرگایەتیان دەکرد. هەبوو ٢ تا ٣ ساڵ پێشمەرگایەتی دەکرد. هەشە هەتا ئێستاش خەبات دەکات و هەر بەردەوامە.

پ: منداڵان لە قوتابخانە بە چ زمانێک دەرسیان دەخوێند؟ ئایا کچانیش بۆیان هەبوو بخوێنن؟ خەڵکەکە چۆن لەگەڵ دنیای دەرەوەدا پەیوەندیان دەگرت؟
و: حکومەتی عێراق ڕێگای خوێندنی زمانی کوردی و جلوبەرگی کوردی لێ نەگرتین.پێش شەڕی عێراق و ئەمەریکا، هەر عەشیرەیەک قوتابخانەی خۆی هەبوو، کە ٤٠ تا ٥٠ منداڵ بەزمانی فارسی و چەند زمانێکی تر، تا پۆلی حەوت دەرسیان تێدا دەخوێند. قوتابخانەکان خۆمان لە قوڕ دروستمان کردبوون و مامۆستاکانیش هەر هی خۆمان بوون.

پێش شەڕی عێراق و ئەمریکا تەنها خاچی سوور هەبوو، بەڵام دوای شەڕەکە نەتەوە یەکگرتووەکانیش چەند قوتابخانەیەکیان دروست کرد. مامۆستاکانیش لەسەر حسابی ئەوان بوون. ئەوکاتەش منداڵەکان بەچەند زمانێکی وەکو عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی ئەیان توانی دەرس بخوێنن.لەدوای ساڵی (٩٥)یشەوە منداڵەکان بەکوڕ و کچەوە ئەیان توانی لە قوتابخانەی عەرەبەکاندا لە ڕومادی بە عەرەبی بخوێنن. بەڕاستی کچە قوتابی لە ئۆردوگاکەدا زۆر بوو، تەنانەت مامۆستای ژنیشمان هەبوو بۆ هەرسێ زمانی کوردی و ئینگلیزی و فارسی.
کاتێک UN بارەگای کردەوە لە ئۆردوگاکە و خەڵکەکە زانیان ئەتوانن لەرێگای ئەوانەوە بگەنە هەندەران، وردە وردە لێیان نزیک بوونەوە. UN وەرەقەیەکیان ئەدا بەناوی (کێس یان فۆرم). پاش ئەوەی پڕمان دەکردەوە بە ئینگلیزی، دەمان دانەوە و دوای چەند مانگێک وەڵام دەهاتەوە و گفتوگۆمان لەگەڵ دەکرا.بەو شێوەیە خەڵکەکە زۆربەی پەیوەندی بەدنیای دەرەوە گرت.

پ: کاروباری ئۆردوگاکە چۆن هەڵ دەسوڕا، لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، یاخود خەڵکەکە خۆیان سەرپەرشتییان دەکرد؟ هەڵسوکەوتی سەربازە عێراقیەکان چۆن بوو لەگەڵتان؟
و: کاروباری ئۆردوگاکە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەڕێوە دەچوو.هەر مانگێ جارێک خواردن دابەش دەکرا. UN لەلای خۆیەوە بەدوو مانگ جارێک خواردنی دابەش دەکرد. کاتی دابەشکردنەکە بە نۆرە بوو، عەشیرە دوای عەشیرە.هەر عەشیرەیەکیش نوێنەری خۆی هەبوو بۆ دابەشکردنی خواردنەکە چ لای UN و چ لای عێراق. بۆ نموونە یەکێک لەو نوێنەرانە باوکی من بوو.موخابەراتی عێراقی زوڵمی زۆریان لەخەڵکەکە دەکرد و زۆربەی خەڵکەکەیان کرد بوو بە جاش.هەندێک کە پارەیان نەبوو پارەیان ئەدانێ تا ببن بە جاش، هەندێکی تریان ناچار دەکرد، ئەگەر جاشیێتی نەکردایە دەیان خستە بەندیخانەوە.پێش شەڕەکە هەڵسوکەوتی سەربازەکان خراپ نەبوو. دوای ئەوە خەڵکەکە ناچار بوون بۆ بژێوی خۆیان بچنە دەرەوەی ئۆردوگاکە. چونکە پارەکە بەشی نەدەکرد. بۆ چونەدەرەوەکەش پێویست بوو بەرتیل بدەیت.

ئیتر خەڵكەكە بەو جۆرە كاسپیان دەكرد. كە لە سەیتەرەكانیش دەیان گرتین دەیان وت ئێوە بۆتان نیە بچنە دەرەوە، ناچاریان دەكردین پارە بەوانیش بدەین.

پ: كاتێك دەچوونە ناو عەرەبەكان بۆ كاسپی كردن، هەڵوێستی ئەوان چۆن بوو بەرامبەرتان، ئایا كرێكارە عەرەبەكان هاوكاریان دەكردن؟
و: خەڵكی ناو ئۆردوگاكە هەموو جۆرە كاسپیەكیان دەكرد: وەكو كڕین و فرۆشتنی زێر، پارچە فرۆشتن، پێڵاوی كۆنە كڕیین، قاپ وقاچاخ فرۆشتن.بەڵام پیاوە عەرەبەكان زۆر لەگەڵمان خراپ بوون. ڕاستە لەهەموو شوێنێك چاك و خراپ هەیە، بەڵام عەرەبەكان ئەوەندەی گوێیان درێژ بوو نەفام بوون. ئەوان كوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتیان بە یەك چاو سەیر دەكرد.ژنە عەرەبەكان هەتا بڵێی باش بوون لەگەڵماندا .لەناو ئۆردوگاكەدا خەڵكانی خراپ هەبوون، بەڵام عەرەبەكان وایان دەزانی كە هەموومان خراپین. خەڵكی ئۆردوگاكە ئاژەڵیان دەكڕی و دەفرۆشتەوە و قەسابی و ڕاوەماسییان دەكرد. یەكێك لە ماسیگرەكان من بووم.

عەرەبەكان تەنها لەكاتی بەرژەوەندی خۆیاندا هاریكاریان دەكردین.زۆربەی كارەكانیشیان غەش بوو. زۆربەیان هەوڵیان ئەدا كە گیروگرفتمان بۆ پەیدا بكەن.زیاتر لە هەزار كەسی ئۆردوگاكەیان سەربڕی بوو و كوشتبوو.بۆ نموونە یەكێك لەوانە هاوسێیەكی ئێمە بوو كە خاوەنی ١٠ سەر خێزان بوو، چوو بۆ كاسپی. پاش چوار ساڵ زانیمان كە كوژراوە و هەتا ئێستاش لاشەكەی نەدۆزراوەتەوە. ئێستا خێزانەكەی لەیەكێك لە وڵاتە ئەورووپیەكانە.كاتێك كوردێك شەڕی ببوایە لە گەڵ عەرەبێك، ئەگەر لەدەرەوەی كەمپەكە بوایە عەرەبەكان وەكو گەلەگورگ گەلەكۆمەكەیان لێ دەكرد و ئەگەر كوردەكە خەتاشی نەبوایە هەر دەیان كوشت.كاتێك شەڕەكە تەواو دەبوو ئینجا دەهاتن پرسیاریان دەكرد كێ تاوانبار بووە. كرێكارە عەرەبەكانیش بەهیچ جۆرێك هاوكاری خەڵكی ئۆردوگای ئەڵتاشیان نەدەكرد.

پ: ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتوەكان UN هاوكاری پەنابەرەكانیان دەكرد؟ ئایا ئێستا خەڵكێكی زۆر ماوە لە ئۆردوگاكە و چارەنووسیان بەچی دەگات؟ پەیوەندی ئێوە لەگەڵ هاوڕێ و كەسوكارەكانتاندا چۆنە؟
و: ئەو كاتەی ئێمە لە ئۆردوگای ئەڵتاش بووین، لەهەر وڵاتێكەوە (وەكو سوێد، نەرویج، فنلەندا و وڵاتەكانی دیكە) لەگەڵ (UN)دا كەسێك یان چەند كەسێكیان دەنارد بۆ ئۆردوگاكە، بۆ پرسیاركردن لە خەڵكەكە بۆ ئەوەی بتوانن سەفەر بكەن بۆ هەندەران.جارێك كوردێكی دانیشتووی ئوسترالیا بەناوی نەهرۆ جەلال شێرە، وڵاتی ئوسترالیای ئاگادار كرد بوو لە باری كەمپەكە بۆ هاوكاری دانیشتوانی ئۆردوگاكە.ئوسترالیا داوای لە دەوڵەتی عێراق و UN كرد كە ئەیانەوێت بەجارێك ١٠ هەزار كەس بەرن بۆ ئەو وڵاتە. خەڵكەكە زۆر دڵخۆش بوون، بەڵام (UN)ی بەغداو موخابەراتی عێراقی ڕازی نەبوون. ئێستا UN بەباشی هاریكاری خەڵكەكە ناكات و ڕازیان ناكات. بەڵام خەڵكەكە ناچارن كە چاوەڕێ بكەن، چونكە هیچ دەسەڵاتێكیان نیە.ئەو كاتەی ئێمە هاتین بۆ سوێد، ژمارەی دانیشتوانی خەڵكی ناو ئۆردوگاكە دەگەیشتە ٢٠ تا ٢٤ هەزار كەس.بەڵام ماوەیەك لەمەوپێش موخابەراتی عێراقی زۆربەی خەڵكەكەی ناردۆتەوە بۆ كوردستان. ئەوەی توانای چاوەڕێكردنی (UN)ی هەبێت دەمێنێتەوە و ئەوی تریش چاوەڕێی گەڕانەوە دەكات بۆ كوردستان.

www.kurdistannet.org
16/05/2003 03:35

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org